السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر بهاتینایە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە هەر شوێنێک بۆشایی هەبووایە لەوێ دادەنیشتین

لە جابری کوڕی سەمورەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەگەر بهاتینایە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە هەر شوێنێک بۆشایی هەبووایە لەوێ دادەنیشتین».

[صەحیحە لغیرە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەدەب وڕەوشت جوانی هاوەڵان ڕووندەکاتەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- لە کاتی دانیشتن لەگەڵ پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم-، ئەگەر یەکێکیان بهاتایە بۆ لای دانیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە هەر شوێنێک بۆشایی هەبووایە لەوێ دادەنیشت ئینجا ئەگەر لە پێشەوە یان ناوەڕاستی یان خواری دانیشتنەکە بێت، وئەگەر مرۆڤ گەیشت بە هەر دانیشتنێک ئەوا لە هەر شوێنێک بۆشایی هەبوو یان دانیشتنەکە لەوێ کۆتایی هات ئەوا پێویستە لەوێ دابنیشێـت، وڕاستەوخۆ نەچێت بۆ پێشەوەی دانیشتنەکە مەگەر کەسێک شوێنی خۆی بۆ جێبهێڵێت یان شوێنێکی بۆشایی بۆ ئەو دانرا بێت؛ ئەوا لەم حاڵەتانەدا ئاساییە، بەڵام ئەگەر دانیشتنەکە پەرتەوازە بکات وبە زۆر شوێنێک بۆ خۆی بگرێت ئەوا ئەمە پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانە -ڕەزای خوایان لێبێت-، وبەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە مرۆڤە هەندێک لە خۆبەگەورەزانین وسەرسامبوونی بە نەفسی خۆی تێدایە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3253

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee